# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سێ ڕۆژ وشەوەکانی دانا بۆ کەسی موسافیر -ڕێبوار-، وڕۆژ وشەوێک بۆ کەسی نیشتەجێبوو

له‌ شوره‌یحی كوڕی هانیئه‌وه‌ ده‌ڵێت: هاتم بۆ لای عائیشه‌وه‌ بۆئه‌وه‌ی پرسیاری لێبكه‌م سه‌باره‌ت به‌ مه‌سحكردن له‌سه‌ر خوفه‌كان*، (عائیشه‌) ووتی: باشتره‌ بچیت بۆ لای عه‌لی كوڕی ئه‌بی تاڵیب، پرسیاری لێبكه‌ چونكه‌ ئه‌و سه‌فه‌ری ده‌كرد له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئێمه‌یش پرسیارمان لێیكرد، (عه‌لی) ووتی: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سێ ڕۆژ وشەوەکانی دانا بۆ کەسی موسافیر -ڕێبوار-، وڕۆژ وشەوێک بۆ کەسی نیشتەجێبوو». *(خوف: وه‌كو گۆره‌وی وایه‌ له‌ پێ ده‌كرێت؛ به‌ڵام له‌ پێست دروست ده‌كرێت)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شوره‌یحی كوڕی هانیئی حاریسی له‌ هاوه‌ڵانی عه‌لی بوو -ڕه‌زای خوای لێبێت-، وهات بۆ لای ئیمامی عه‌لی -ڕه‌زای خوای لێبێت- بۆئه‌وه‌ی فتوای بۆ بدات سه‌باره‌ت به‌ مه‌سحكردن له‌سه‌ر خوفه‌كان*، وئه‌م پرسیاركردنه‌ له‌ پاش ئه‌وه‌ بوو كه‌ دایكمان عائیشه‌ -ڕه‌زای خوای لێبێت- ناردی بۆئه‌وه‌ی سه‌باره‌ت به‌ ئه‌م بابه‌ته‌ پرسیار له‌ عه‌لی بكات، چونكه‌ ئه‌و شاره‌زاتره‌ له‌ سونه‌تی مه‌سحكردن به‌سه‌ر خوف وگۆره‌وییه‌كاندا**، ده‌ڵێت: (پرسیارمان لێیكرد سه‌باره‌ت به‌ مه‌سحكردن): واتا: سه‌باره‌ت به‌ ماوه‌كه‌ی، ومه‌سحكردن بریتیه‌ له‌ هێنانی ده‌ستی ته‌ڕ به‌سه‌ر ئه‌ندامه‌كه‌دا. عه‌لی كوڕی ئه‌بی تاڵیب -ڕه‌زای خوای لێبێت- به‌و شێوه‌یه‌ وه‌ڵامی دایه‌وه‌: (سێ ڕۆژ وشه‌وه‌كانی دانا بۆ كه‌سی موسافیر -ڕێبوار-، وڕۆژ وشه‌وێك بۆ كه‌سی نیشته‌جێبوو): ئه‌م به‌ڵگه‌یه‌ وه‌كو ڕای زۆربه‌ی زانایانه‌ -جمهوره- سه‌باره‌ت به‌ دیاریكردنی ماوه‌ی سێ ڕۆژ -72 كاتژمێر- بۆ كه‌سێك موسافیر -ڕێبوار- بێت، وڕۆژێك -24 كاتژمێر- بۆ كه‌سێك نیشته‌جێ بێت، ماوه‌كه‌ی زیاد كرد بۆ كه‌سی موسافیر -ڕێبوار-؛ چونكه‌ شایسته‌تره‌ به‌ ڕوخسه‌ت پێدان زیاتر له‌ كه‌سێك نیشته‌جێ بێت، چونكه‌ كه‌سێك موسافیر بێت تووشی ناڕه‌حه‌تی زیاتر ده‌بێت. *(خوف: وه‌كو گۆره‌وی وایه‌ له‌ پێ ده‌كرێت؛ به‌ڵام له‌ پێست دروست ده‌كرێت، وه‌كو نه‌عل وایه‌ به‌ڵام قاپه‌ڕه‌قه‌كان داده‌پۆشێت)، **(گۆره‌وی: هه‌رشتێكه‌ كه‌ پێ وگوێزنگه‌كان -قاپه‌ڕه‌قه‌كان- داپۆشێت ئه‌گه‌ر له‌ موو یان خوری دروستكرا بێت، ته‌نك یان ئه‌ستوور (بێت، به‌هۆی سه‌رما وبۆ داپۆشینی پێیه‌كان له‌ نێو پێڵاودا له‌ پێ ده‌كرێت وهه‌مان حوكمی خوفی هه‌یه‌



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee